# ئەلێکسی دۆتۆکڤیڵ

ن: رامین جەهانبەگلوو
و: عەتا جەمالی



لە پرۆسەی تێپەڕین لە سەدەی نۆزدەهەمی زاینیدا هەندێ لە باشترین بیرمەندانی ئورووپا و ئەمریکا هەوڵیاندا ئەو گۆڕانانەی بەهۆی گەشەی چاوەڕوان نکراو و لە کوتوپڕی دانیشتوان، زانست،دەسەڵاتی ماشێن، سوودی ئابووری، بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی، زانست و پەروەردە، شارەکان، سوپا، حکوومەتەکان و بیچمە نوێیە سیاسییەکان روویان دەدا، بناسن. هەوڵ بۆ ناسین و راڤەی ئەو رووداوانە بووە هۆی دەرکەوتنی زانستەکانی مرۆڤناسی، کمەڵناسی، زانستی سیاسی و ئابووری. ئە لقە زانستییانە لەڕاستیدا دەرەنجامی هەوڵی روونکردنەوەی ئەو گۆڕانانە بون کە لە جیهانی رۆژاوا لە سەردەمی نێوان شۆڕسی فەڕەنسا و داهێنانی تەلەفۆندا روویاندابوو.

هیچکام لە دامەرێنەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەڕادەی تۆکڤێڵ قسەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی سەدەی نۆزدەهەم نەکردووە. سەیر ئەوەیە کە تۆکڤێل گەلێ بابەتی لەسەر سەدەی بیستەمیش ئامادە کردووە. ئەو جادووگەر یان پێشگۆیەکی گەڕۆک نەبوو، بەڵام بەباشی لەو تایبەتمەندییانە ئاگادار بوو. تۆکڤێڵ دەڵێ: توانای دیتنی رەنجی دیترانم نییە، بەڵام داهاتوو دەبینم."

ئەوکاتەی تۆکڤێڵ لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا قسە لەسەر داهاتووی ئەمریکا یان داهاتووی ئورووپا دەکات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەجۆرێک باس لە جیهان دەکات کەئێستاکە بەهەمان شێوەیە. بۆچوونەکانی ئەو زۆربەیان کۆنن بەڵام دەزگای تیۆریی ئەو نیان و رەهاپەرێزە.یەکێک لە بەنابانگترین پێسگۆییەکانی ئەو کە بەردەوام لە زمان ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە:

"دوو نەتەوەی گەورە لە جیهاندا هەن کە رابردووەکانیان جیاواز بووە بەڵام داهاتوویەکی هاوشێوەی یەکیان دەبێت. ئەمانە، رووسەکان و ئەمریکییەکان... یەکیان خاوەنی ئازادییە و ئەویتریان لە دۆخی کۆیلەداریدایە. ئەگەرچی خاڵی دەسپێکیان جیاوازە و رێگەیان جیایە بەڵام وادیارە هێزێکی نەناسراو و رەمزاوی بەلای یەکدا رایاندەکیشێت بۆ ئەوەی رۆژگارێک چارەنووسی نیوەی جیهان بگرنە دەست.

ئەمرۆژ، تۆکڤێڵ بیرمەندێکی بەرجەستەیە کە ئەندێشەکانی بۆ توێژینەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و کۆمەڵگە دیموکراتیکە هاوچەرخەکان، شیایانی سەرنجە. لەپاش تێپەڕینی پتر لە سەد و پەنجا ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی تۆکڤێڵدا بەناوی (دیموکراسی لە ئەمریکا) ئەم کتێبە هێشتا یەکێکە لەو گرینگترین کتێبە کلاسیکە تایبەتانەی سەبارەت بە ئەمریکییەکان یان رەنگە بەگشتی هەموو کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان.

شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠ بەدوای شۆڕشی فەڕەنسادا، تۆکڤێڵی بردە قووڵایی ئەو بیرەوە کە پڕۆسەی ترێزهەڵنەگری دیموکراتیک، بۆ داهاتووی فەڕەنسا و ئەمریکا بەڕێوەیە.

پێشینەی ململانێ درێژخایەنەکانی چینی ئەریستۆکرات لە بەرانبەر چینی مامناوەند یان ئەو خەڵکانەی تردا کە بێ بەشن لە دەسەڵاتی سیاسی، بە مەبەستی سەرکوت و سڕیەوەی ئازادی لە درێژەی سەدە و چەرخەکاندا تۆکڤێڵی توقمی ئەندێشە کردبوو. ئەو هەوڵیدا بە سەرنجدان بە ئەمریکا وەک نموونەیەک لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، چاوێک بەسەر ئەم هەلومەرجانەدا بخشێنێتەوە و لەم ناوەندەدا چارەی ئورووپا بنووسێت. لەم رووەوە بیرەوەی و کارتێکەرییەکانی رووداوەکانی ساڵی ١٨٣٠ لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا لە ئەندێشەی ئەودا هەبوو. رەخنە و پێداهەڵکوتنرکانی ئەو لە ئەزموونی ئەمریکا هەموویان لەڕووی ئەم بیرەوەرییانەوە و لە بەراورد لەگەڵ ئەواندا گەڵاڵە کرابوون. بەم حاڵەوە تۆکڤێل بە چەندین جار نکۆڵی لەوە دەکات کە لە بیری گشتاندن یان گواستنەوەی ئەزموونی ئەمریکا بۆ فەڕەنسادا بووە. بەبۆچوونی تۆکڤێڵ کێشەی گرینگ لە وڵاتەکەی ئەو یان لە ئەمریکا ململانێی ئایینی نییە بەڵکوو فەڕەنسا و ئورووپا بەوە گەیشتوون کە کاتی دیاریکردنی چارەنووی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و کلتوور هاتووە. هەر لەم رووەوە تۆکڤێڵ داکۆکی لەوە دەکات کە فەڕەنسا و ئورووپا دەبێ لەوە تێبگەن کە کات و مەرجێک بۆ دووپاتکردنەوەی رابردووەکان و پشت گوێ خستنی واقعییەتی دیموکراسی نەماوەتەوە. بەم پێیە خولیا دیموکراتیکەکانی تپکڤێڵ لەڕاستیدا وڵامی ئەوە بۆ رووداوەکانی ئورووپا. روانگەکانی ئورووپا سەبارەت بەوەی لە ئەمریکا پەسەندی دەکات ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە لە سیاسەت و مێژووی ئەمریکادا پەسەندیان ناکات.

یەکێک لە چەمکە ناپەسەندەکان لەلای ئەو لە دەقی ئەزموونی سیاسیی ئورووپادا، ئەمدێشەی دەوڵەتە.

بەبۆچوونی تۆکڤێڵ ئەندێشەی ئورووپایی سەبارەت بە دەوڵەت، ئیتر کارامە نییە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتیکی مۆدێرن و لەگەڵی ناگونجێت. لەم رووەوە جەخت دەکاتەوە کە "لەبۆ دنیایەکی نوێ، ئێستا پێویستیمان بە زانستی سیاسیی نوێ هەیە"، تۆکڤیڵ ئەم رایەی لە چوارچێوی دوو پرسیاردا دێنێتە بەرباس:

١. بۆچی ئەمریکا کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ دیموکراتە؟
٢. بۆچی فەرەنسا لە پرۆسەی گەشەی بەرەو دیموکراسیدا تو ئەو رادەیە بێتوانایە لە پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی ئازادیگەرادا؟

بەم شێوەیە خاڵی دەسپێکی تۆکڤێڵ تەوەری دیموکراسی یان کۆمەڵگەی دیموکراتیکە کە لە گشت بەرهەم و نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە. دەشێ بگوترێ تۆکڤیڵ گەشتیارێکە کە بەشوێن گەوهەرێک واتە دیموکراسیدا دەگەڕێ. گەرانەکەی ئەو هەوڵ و کۆششێکە بۆ تێگەیشتن لە چییەتیی دیموکراسی و تێگەیشتن لەم خاڵە کە هیوای بە چ شتێک بێت و لە چی بترسێت. لەم رووەوە کلیلی دیموکراسیی ئەمریکا لە تایبەتمەندیگەلێکدا دەبینێت کە هۆکاری جیاوازیی ئەمریکا لە ئورووپان. بەبۆچوونی تۆکڤێڵ یەکێک لە سەرنجە گرینگەکانی سەبارەت بە ئەمریکا ئەوەیە کە ئەوان شۆڕشێکی دیموکراتیکیان تێپەڕاندووە و لە چارەنووسی هاوشێوەی فەرەنسا کە لەژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و هەرجومەرجدایە، دوور دەکەوێتەوە. تۆکڤێڵ دەزانێ کە ئەمریکا هیچکات خاوەنی سیستەمی کۆن نەبووە یان ململانێی توندوتیژانەی نێوان سیستەمی کۆن و چینی مامناوەند لەو وڵاتە رووی نەداوە. ئەمریکا دەوڵەتێکی برۆکراتیکی ناوەندگەرایە و هەروەها بەتاڵ لە ناوچە گەورە و مێترۆپۆلەکان و ناوەندە گەورە پیشەسازییەکان. ئەمریکا بەستێنێکی گەورەی نییە و تا رادەیەک لە چینە مامناوەندە وەرزێرەکان پێکهاتووە و ئەو هۆکارە سەرەکییی کە دەبێتە هۆی یەکسانیی هەل و مەرجەکان، لەوێ بەجێگەی دەوڵەتی سیاسی دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. تۆکڤێڵ دەڵێ خەڵکی ئەمریکا لە بنەڕەتەوە هەست بە نایەکسانی لە بەرانبەر یەکتری ناکەن، لەحاڵێکدا لە فەرەنسا چینە جیاوازەکان لەسەر جیاوازییە پێگەییەکانیان بەردەوامن. بە گوتەیەکی تر تۆکڤێڵ کۆمەڵگەی ئەمریکا بە دەرکەوتی پەرەسەندنی بەتەواویی پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەزانێ. بەبۆچوونی ئەو مانای دیموکراسی پێکهێنانی یەکسانییە لە هەل و مەرجەکاندا. کۆمەڵگەیەک دیموکراتیکە کە لەوێدا هەموو تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکسان بن.

هەڵبەت بەڕای ئەو ئەم یەساکنییە بەمانای یەکسانی لە بیرکردنەوەد یان یەکسانیی ئاووری نییە. یەکسانیی کۆمەڵایەتی بەبۆچوونی تۆکڤێڵ بەشێوەیەکە کە هیچ چەشنە کێشە و جیاوازییەکی میراتی دەوری نەبێت یان ئەوەی گشت پۆست و پێگەکان و هەروەها هەموو پیشەکان لەبەر دەستی هەمواندا بن و ئەگەر جیاوازییەکی بنەڕەتی لە مەرجەکانی ئەندامانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەبێ حاکمییەت بە تەواوەتی لەدەستی هەموو خەڵکد بێت. لەم رووەوە تۆکڤێڵ لەو بڕوایەدایە کە پێناسەی دیموکراسی تەنیا بە مانای قەبووڵکردنی یەکسانیی مەرجەکان نییە بەڵکوو بەمانای قەبووڵکردنی حاکمییەتی هەموو خەڵکە کە لەسەر بنەمای یەکسانیی لە مەرجەکاندا دەوەستێت. لەم رووەوە ئەوەی ئەمریکا لە ئورووپا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پرەسنیپی حاکمییەتی جەڵک پرەنسیپێکی بێناوەرۆک و شاراوە نییە. ئەم پرەنسیپە لەلایەن (هەموانەوە) قەبووڵکراوە و لەرێگەی یاساوە رەسنییەتی پێدەدرێت. بەگوتەیەکی تر رای تۆکڤێڵ لەسەر ئەوەیە کە پرەنسیپی حاکمییەتی خەڵک لە یاساکاندا دەردەکێ و لە کاروباری رۆژانەدا لەبەرچاو دەگیرێ. لەم رووەوە تۆکڤێڵ باوەڕی وایە کە لەپاش پرەنسیپەکانی یەکسانی لە مەرجەکاند و حاکمییەتی خەڵک، پێناسەیەکی سێهەمیس پێویستە و ئەویش پرەنسیپی دارشتی دیموکراسییە کە لەڕاستیدا دەرهاویشتەی کاریگریی رای گشتییە. رای گشتی پرەنسیپێکە لە ئاراستەی دەستەبەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی دیموکراسی لە ئەمریکا، بۆ ئەوەی رای گشتی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا کاریگەریی هەبێت هەرتاکێک ئەرکە لەسەری وەک تاکەکانی تر لە ئەرکەکانی خۆی ئاگادار بێت و بە هەمان رادەش خاوەنی دەسەڵات بێت کە گشت هاوڵاتیانی تر و

شارۆمەندانی تر لر دەسەڵات بهرەمەندن. بەم شێوەیە تاک پەیڕەوی لە دەوڵەتی کۆمەڵایەتی دەکات چونکە یەکانگیری و یەکپارچەیی ئەو لەگەڵ هاوڵاتیاندا شتێکی سوودبەخش و پڕقازانجە بۆ ئەو.

بەم شێوەیە دەوڵەتی دیموکراتیک بە هەمان شێوە کە یەکسانیی مەرجەکان دەستەبەر دەکات رێگریشە لەوەی کۆمەڵگە بکەوێتە حێر رکێفی تاکەکان یان گرووپە سیاسییەکان. بەبۆچوونی تۆکڤێڵ دەوڵەتی تەواو دوموکراتیک وڵاتێکە کە هیچ شۆپێک لە نفووز و کاریگەرییە تاکییەکان تیایدا بەرچاو نەکەوێت. تۆکڤێڵ لەو باوەڕەدایە کە پێناسەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک هاوپێیە لەگەڵ پێوەری یەکسانیی مەرجەکان کە دەبێتە هۆی جیاوازی ئەم کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵگەکانی تری ناو مێژووی ئورووپا.

لەڕوانگەی تۆکڤێڵدا هەموو کۆمەڵگە ئورووپاییەکان هەتا بەر لە چاخی دیموکراسی وەک دەوڵەتشارە کۆنەینەکانی یۆنان و رۆم، هەموان گرفتاری نایەکسانی لە مەرجەکاندا بوون و بەهۆی حاکمییەتی راستەوخۆوە ئەو نفووە بەربڵاوەی هەندێ لە خێزانە دیارەکان دەیانسەپاند بەسەر خەڵکانی تردا بەڕێوە دەچوون لەلای تۆکڤێڵ لە بارودۆخی پاش رووداني شۆڕشی فەڕەنسا، ئیتر پێناچێ مۆدێرنەکانبنەماکان و هەروەها ئازادی بەپێی پێوەری نایەکسانی لە مەرجاکاندا پێناسە بکەن، جونکە ئەو گومانی وایە کە بەڕوودانی شۆڕشی فەڕەنسا نایەکسانییەکان لەناوچوونی، بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی تۆکڤێڵ، ئازادی رەچاوکراوی مۆدێرنەکان ناشێ لەسەر بنەمای هەبونی جیاوازی لە نەزمەکان و دەوڵەتەکان بێت و چونکە ئازادیی رەچاوکراوی مۆدێرنەکان لسەر بنەمای نایەکسانی لە مەرجەکاندا نییە، کەواتە دەبێ لەسەر بنەمای واقعییەتی دیموکراتیکی یەکسانی لە مەجەکاندا بێت کە بە بڕوای ئەو نموونە گونجاوەکەی هەمان ئەمریکایە. شتێک کە تۆکڤێڵ لە بواری پێکهاتەی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا بە قورسی دەخاتەژێر کاریگەریی خۆی، رادەی بەرفراوانی ناوەند پەرێزییە لەو پێکهاتەیەدا. لەڕاستیدا ستایشی تۆکڤێڵ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی و ناوەندپەرێزی لە ئەمریکا دەتوانرێ وەک رەخنەیەکی جیددی لە برۆکراسیی ناوەندگەرا لەفەڕەنسا لەبەرچاو گیرێت و ئەمە دیاردەیەکە کە تۆکڤێڵ لە دوایین نووسراوەیدا واتە سیستەمی کۆن و شۆڕشی فەڕەنسا، بە قورسی خستوویەتە بەر سەرنج و باسی لێوەکردووە

هەلومەرجێک کە تۆکڤێڵ لە وڵاتەکەی خۆیدا دەیبینێت، هانی دەدا بۆ بیرکردنەوە لەسەر برۆکراسیی ناوەندگەرای فەڕەنسا و ئەنجامە نەگریسەکەی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەمریکا ناوەندپەرێزیی سیاسی بۆتە هۆی گەشەی داهێنەرییە تاکییەکان و کۆمپانیا تایبەتییەکان. بەم پێیە ئازادییە ئەمریکاییەکان لەسەر بواری پاراستن و پەرەپێدانی ناوەند و دامەزراوە هەرێمی و ئەیالەتییەکان وەستاوە. بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تۆکڤێڵ تەنیا ستایشگەرێکی نارەخنەگر ی دیمکراسیی ئەمریکا نییە. ئەوە راستە کە دیموکراسی بەڕای ئەون بەمانای هەولدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی ئاسوودە بۆ زۆرینەی خەڵکە، بەڵام ئەم ئاسوودەییە هەمیشە لە مەترسیشدایە. لەڕاستیدا دوو مەترسیی سەرەکی لە سەر رێی دیموکراسی هەیە:

١. هەموو دیموکراسییەکان توانای بە ئیستبدادی بوونیان هەیە، چونکە دەسەڵاتە هەرێمییەکان توانای بەرەنگاربوونەوەیان لەبەرانبەر ئیستبداددا نییە.
٢. دیموکراسییەکان حەزیان لە بڵاوکردنەوەی خایەماڵی و ماستاوچێتییە، ئەو شتەی پێی دەڵین "خەڵک خەڵەتێنی".

بەڵام تۆکڤێڵ لەو باوەڕەدایە کە سروشتی ئیستبداد کە هەڕەشە لە دیموکراسیی مۆدێرن دەکات جیاوازە لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا و ئا ئێستا نموونەیەکی لەو چەشنە لە رابردوودا نەبووە. ئیستبدادی مۆدێرن رەوابینتر و ئاسانگیرترە لە ئاوەڵدوانە کۆنینەکەی خۆی. ئیستبدادی مۆدێرن بەجێی ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان، بەرەو دارمانیان دەبات. بە زمانی تۆکڤێڵ ئیستبدادی مۆدێرن رێگە لە مرۆڤەکان دەگرێت کە بەپێی خواستی خۆیان بیر بکەنەوە و هەست بکەن و کار بکەن و چارەڕەشیان دەکات. لەم رووەوە گەورەترین هەڕەشە لەسەر دیمکراسیی مۆدێرن سێنتڕالیزە و کەڵەکە بوونی دەسەڵات لای یاسادارێژانە. بەبۆچوونی تۆکڤێڵ هەندێ سازوکاری دیاریکراو لە بنکە و دامەزراوەکاندا هەن کە دەتوانن رێگە لەمجۆرە هەڕەشانە بگرن. یەکیان، سازوکاری جودایی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە: دەسەڵاتی یاسادارێژ کە بەرپرسی چاودێری و هاوئاهەنگییە، دەسەڵاتی دادوەریی

سەربەخۆ و حکوومەتێکی خودموختاری هەرێمییە. لەنێوان لقە حکوومەتییەکانی ئەمریکادا پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری یەکانگیر و یەکپارچەیە . تۆکڤیڵ تەواو لەژێر کاریگەریی ئەم راستییەدایە کە بڕیارەکانی هێزی دادوەری لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتییە و تەنیا پشت بە یاسا بابەتییەکان نابەستێت. داوەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە هەندێ لە یاساکان بە نەساسنامەیی بزانێت و بەم شێوەیە رێگە لە جێبەجێ کرانیان بگرێت. لەم رووەوە بەڕای تۆکڤیڵ دەسەڵاتی دادگا ئەمریکییەکان یەکێک لە بەهێزترین و بێوێنەترین رێگرەکان لبەرانبەر ئیستبدادی سیاسیدا پێکدەهێنێت. لەحاڵێکدا سازوکارەکانی یاسای بنەڕەتی نەتوانن بەشێوەی ئۆتۆماتیکی گەرەنتیە پێویستەکان لە بەرانبەر ئیستبداددا دەستەبەر بکەن. هەر لەم رووەوە تۆکڤیل خوازیاری پەرەپێدانی سازوکارە نائەساسنامەییەکانی وەک دامەزراندنی چاپەمەنیی ئازاد و ئەنجومەنە خۆبەخشانەکانیشە. بەبۆچوونی تۆکڤیڵ رۆژنامەکان لە فەڕەنسا هەرکام ئامرازی دەستی چینەکانن، بەڵام لە ئەمریکا وانییە. چاپەمەنی لە فەڕەنسا بەشێوەیەکی تەواو برۆکراتیک بەڕێوە دەبرێن، بەڵام لە ئەمریکا بەهۆی نەبوونی میترۆپۆلێکی ناوەندی، هۆیەکی گرینگ هەیە بۆ ناسێنتراڵ بوونی بەڕێبردنی رۆژنامە نوێیەکان. ئەنجۆمەنەکان لە رۆژنامەکان پڕبایەخترن و لەنێوان دوو جۆر لەو ئەنجومەنانەی کە هەن، ئەوانەی مەبەستی سیاسییان هەیە بایخێکی زیاتریان هەیە. ئەنجومەنەکان خاوەنی دوو تایبەتمەندین: هەم وەک دوو ئامرازی گرینگ لە دیموکراسیدا کاردەکەن و هەم وەک گەرەنتییەک لە بەرانبەر ئیستبدادی زۆرینە دێنە هەژمار.بەپیی بۆچوونی تۆکڤیڵ تەنانەت ئەگەر ئەنجومەنەکان وەک کەرەستەیەکی جەماوەری بە هێزێکی مەترسیدار دابنرێن، زۆریی ژمارەکەیان لە ئەمریکا خۆی هەلومەرجێک دێنێتە ئاراوە کە مەترسییەکانی یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە. بەم شێوەیە کاتێ تۆکڤیڵ لە ئەنجومەنەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا دەدوێ، هۆگرییە بنەڕەتییەکانی ئەوان بۆ دیموکراسیش لەبەرچاو دەگرێت. بەبۆچوونی ئەو گرینگترین روخسارەی دیموکراسی یەکسانییە لە مەرجەکاندا. مەبەستی تۆکڤیڵ لە یەکسانی، بەشداربون لە مافی یەکسانی پێکهێنانی سەرقاڵی و سەرگەرمییەکان، دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە پیشە و کار، مافی ژیانی یەکسان و مافی یەکسان لە بەدەستهێنانی ساماندایە. تۆکڤیڵ گرینگایەتی یەکسانی لە نەریتەکان و باوەڕەکان و یاساکانی دیموکراسی بەواتەی "تاکگەرایی" کۆبەندی دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە تاکگەرایی هەستێکی نیان و بەچێژە کە رێگە بۆ هەر شارۆمەندێک ئاوەڵا دەکات خۆی لە حەشامەتی هاوڵاتیان جیا کاتەوە و بتوانێ تێکەڵی کۆمەڵەی هاوڕێیان و خێزان بێت. تۆکڤیڵ دوو فاکتەری گرینگ بۆ تاکگەرایی رەچاو دەکات:

١. ئیمان لە کرداردا و دادوەری و هۆگرایەتیی مرۆڤەکان بۆ ئاوەزگەرایی وەک لاگیرییەکی بنچینەیی بۆ باوەڕ و ئەندێشەکانی خۆی،

٢. لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆ وەک تاکە بابەتی گرینگ. ئەم بابەتە فاکتەری خودبەرژەوەندییە لە تاکگەراییدا.

هەر لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندنێک لە ئەریستۆکراسی دەدات بەدەستەوە. ئەریستۆکراسیی هەموان، لە جوتیارەوە بگرە هەتا پاشا، دەگەڕێنێتەوە بۆ چینێکی مەزن. بەڵام دیموکراسی ئەو زنجیرانە تێکدەشکێنێ و ئەم جەشنە پەیوەندییانە لەبەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە.بەم پێیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا ئێتر مرۆڤەکان بەشێوەی سروشتی پەیوەند و پەیوەست نین بە یەکترەوە و هەریەکە و خۆی بە سەنتەر دەزانێ. لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ئەریستۆکراسی کە حەزی بەختەوەری و ئاسوودەیی بەهۆی هەندێ کۆسپی وەک زنجیرە پلەکان و چینەکان و پەروەردەوە بەرتەسک دەبێتەوە، کۆسپێک لەئارادا نییە و حەز و ئارەزووەکان گشتی دەبنەوە. بەبۆچوونی تۆکڤیڵ مەترییەک لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە رەنگە دیموکراسیخوازی بەرەو ئیستبداد و تەنانەت تاکگەرایی رەهاش بشکێتەوە.

پارتە سیاسییەکان و ئەنجومەنەکان بەگشتی و بەکردەوە دەورێکی گرینگیان هەیە لە شەڕی دژی تاکگەرایی رەهادا. چونکە ئەوان تێدەکۆشن بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقیات و ئەوەش پێویستی بەوەیە کە شارۆمەندان بیر لە بەرژەوەندییە تای

بەتییەکانی خۆیان نەکەنەوە و بایەخێکی زیاتر بە بەرژەوەندی و ئاسوودەیی گشتی بدەن. بەم چەشنە ئەو مۆدێکە پەیوەندییەی پارتە سیاسییەکان پێک دەهێنن دەبێتە هۆی ئەوەی شارۆمەندان

زانیارییەکی زیاتر لەسەر خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بەدەست بهێنن. تۆکڤیڵ زێدە لە پێویستیی هبوونی ئەنجومەنە سیاسییەکان، داکۆکی لەسەر پێویستیی پەرەپێدان و گەشەپێدانی زۆر گرووپی تر بۆ بەدیهێنانی باڵانس لە مەرجەکانی یەکسانیدا دەکات. ئەو بە گەڵاڵە کردنی پێکهێنانی ئەنجومەنە بازرگانییەکان هەوڵدەدات بۆ داڕشتنی پلانێک بۆ جێگەگیرکردنی پێگەگەراییەکانی سەردەمی ئەریستۆکراتی. مرۆڤەکان لە چالاکیی کشتوکاڵی دادەبڕێن و سەلیقە بازرگانی و پیشەکارییەکانی خۆیان تاقیدکەنەوە. ئەمریکاس بەبۆچوونی تۆکڤیڵ ڕێگەی خۆی هەر لەم ڕێچکەیەوە تێپەڕاندووە. تۆکڤیڵ بە قەبووڵکردنی ئەم رایە پێداگری لەسەر فاکتەری ماتریالیستیی تاکەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکاندا دەکاتەوە و لەهەندێ سەرنجی وەک فیتیشیزمی (fitishism) کاڵایی خورد دەبێتەوە. بەبۆچوونی ئەو بەو مانایەیە کە شارۆمەندی ئەمریکایی هەندێ پاڵنەری لەخۆیدا هەیە کە پێدەچێ بەرەو ئەوینێکی پڕتەوژم لە چێژخوازیی مادیی بەرێت. بەپێی بۆچوونی تۆکڤیڵ، ئایین حەز و تینوێتی بۆ دارایی وکردارەکانی حاکمییەت نیانتر دەکات و بەڕێکخستنی خێزان، بەچەشنێکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیی ڕێخستنی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەدات.

تۆکڤیڵ لەنێوان ڕۆحی ئایین و ڕۆحی ئازادی لە ئەمریکا پەیوەندی و یەکانگیرییەکی سەیر و سەمەرە دەبینێت. ئەو ئایین-ی بە "یەکەمین دامەزراوەی سیاسیی ئەمریکا" ناوبردووە و واتیگەیشتووە کە کاتێ پیۆریتێنەکان لە نیوئینگلەند جێگیر بوون نەک تەنیا باوەڕێکی ئەندێشەی دینییان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، بەڵکوو خاوەنی ئەندێشەگەلی کارامەی دیموکراتیکیش بوون. ئەو تەنانەت ئیلهامبەخشی ماکس ڤێبێری کۆمەڵناسی ئەڵمانیشە و دەڵێ لەنێوان ڕۆحی ئایینی و ڕۆحی سەرمایەداری لە ئەمریکادا پەیوەندییەکی دەروونی هەیە و سەرقاڵبون بە داراییەوە پەیوەندی هەیە بە سەرقاڵبوون بە خوداوەندەوە، کەواتە تۆکڤیڵ ڕۆحی ئایینی وەک ئامرازێکی پەیوەندیدەر و یەکپارچەساز لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دەزانێت کە هەوێنی دەسەڵاتی کۆنی خۆی دۆڕاندووە و دەبێ هەوێنێکی نوێ بدۆزێتەوە. تۆکڤیڵ لای وایە ئایین لە ئەمریکا شێوازێکە بۆ هەستکردن و پەیوەست بوون بە کۆمەڵگەیەکەوە تا ئەوەی شێوازێکی باوەڕی بێت.

بەکورتی لە کتێبی تۆکڤیڵدا چوار ئەندێشەی سەرەکی دەکەوێتە بەرچاو:

١. ئەندێشەی دیموکراسی.
٢. ئەندێشەی شۆڕش.
٣. ئەندێشەی سیفەتی کۆمەڵایەتی
٤. ئەندێشەی خوداوەند.

مەبەستی تۆکڤیڵ لە دیموکراسی هەبوونی حکوومەتێکی دیموکراسی، هەبوونی حکوومەتێکی نوێنەرایەتی و لەسەر بنەمای یاسایە بە داکۆکی کردن لەسەر ڕۆڵی داهێنەرانەی خەڵک. ئەم بۆچوونە دەگاتە ئەندێسەی شۆڕس. تۆکڤیڵ لەو باوەڕەدایە ئەمریکاییەکان لە جیاوکێکی گەورە بەهرەمەندن و بەبێ خەسارێی ئەوتۆ لەلایەن شۆڕشەوە بە دیموکراسی گەیشتوون. بەم پێیە ئەوان بەجێی ئەوەی لە ڕەوتی ژیاندا بە یەکسانی بگەن، هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە یەکسانن و لەڕاستیدا بە یەکسانی لەدایک بوون.

تۆکڤیڵ باوەڕی وایە کەسایەتی و سیفەتی کۆمەڵایەتی ئەمریکاییەکان لەلایەن پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ حکوومەت و دامەزراوە و بنکە رینگ و چارەنووسسازەکانەوە دیاری دەکرێت و سەرەنجام دیموکراسی پێویستی بە ئایینە، چونکە چاودێری دیموکراسی دەکات و ڕێگەی لێدەگرێت لە وەرچەرخان بەرەو ئیستبداد. ئایین بۆ دیموکراسی وەک لغاوێک وایە بۆ ئەسپ و ئەرکەکەشی ڕێنوێنی و پێکهێنانی هاوسەنگییە.

Rojhalat